ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# بەرگی سێیەمی "گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی" بڵاودەکرێتەوە






■ ئا: سیروان عەباس

نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەتا قەرەداخی، سەرقاڵی نووسینی بەرگی سێیەمی کتێبی "گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی"یە و دەڵێت "لە قۆناغی کۆتایی کتێبەکەدام".

عەتا قەرەداخی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرباری ئاڵۆزیی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و خەریکبوون بە هەندێ شرۆڤە و لێکدانەوەی سیاسییەوە کە ئەمە وەکو کاری ڕۆژانە وایە، بەردەوامم لە پرۆژەی نووسینی خۆم کە ئێستا هاوشان لە دوو بواردا خەریکم. یەکەمیان بەردەوامم لە کارکردن لەسەر بەرگی سێیەمی (گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی) کە ئێستا بەرەو کۆتایی دەچێت. دووەمیشیان ناوبەناو خەریکی خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی هەڵبژاردەیەکم لە شیعری کوردی (جوانییەکانی دەق) کە ئەوەش پرۆژەی کتێبە و بەشی زۆری تەواو بووە".

عەتا قەرەداخی گوتیشی: "هیوادارم هەردوو بەرهەمەکە تاوەکو کۆتایی ساڵی 2017 ئامادەبن و بتوانم لە وەرزی یەکەمی ساڵی داهاتوودا چاپیان بکەم".

عەتا قەرەداخی لە وەرزی یەکەمی ئەمساڵدا هەردوو کتێبی (لێکۆڵینەوەی هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانی کوردی) و کتێبی (لێکۆڵینەوەی تیۆریی ئەدەبی) لە نووسینی ڕۆجەر وێبستەر چاپ کرد.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەتا قەرەداخی دەیان گوتار و کتێبی بەچاپ گەیاندووە. دەرچووی بەشی ئینگلیزی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی مووسڵە.

# نامە سۆزدارییەکانی سێلڤیا پلاس چاپ دەکرێن






■ ڕووداو- ئاژانسەکان

بڕیارە بۆ یەکەمجار نامە سۆزدارییەکانی خانمە شاعیری ئەمریکی، سێلڤیا پلاس کە بۆ شاعیری ئینگلیزی تید هیوزی نووسیوە، لە دووتوێی پەرتووکێکدا بڵاوبکرێنەوە.


کتێبەکە 15 نامە لەخۆدەگرێت کە لە دوای ئەوەی ژیانی هاوژینی پێکدێنن، پلاس بۆ هیوزی نووسیوە.


پلاس، دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان، بەهۆی خوێندن لە زانکۆی کامبریدج، هاوژینەکەی جێدێڵێ، بەو هۆیەوە هەستی غەریبی دایدەگرێ و چەند نامەیەکی سۆزداری بۆ هاوژینەکەی دەنووسێ.

ئەو خانمە نووسەرە لە ساڵی 1956دا کاتێک بۆ ماوەی سێ هەفتە لە هاوژینەکەی دوور بوو، ڕۆژانە نامەی بۆ هاوژینەکەی نووسیوە. پلاس لە تەمەنی 30 ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشیی خەمۆکییەوە، لە شوباتی 1963 کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و هاوژینەکەی بەوهۆیەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر کرایەوە. سێلڤیا پلاس، لە 1932 لە بۆستن لە ئەمریکا لەدایکبووە و وەک شاعیر، ڕۆماننووس و چیرۆکنووس ناسراوە. تید هیوزیش، لە 1930 لە ئینگلتەرا لەدایکبووە و وەک شاعیر و نووسەری منداڵان ناوبانگی پەیدا کردبوو، بەشێک لە ڕەخنەکاران وەک دیارترین شاعیری سەردەمی خۆی دەیناسێنن.

# تابلۆکانی ڤان کوخ لە فیلمێکی سینەماییدا






■ ڕووداو- ئاژانسەکان

"Loving Vincent" ناوی فیلمێکی سینەمایییە کە تابلۆ شێوەکارییەکانی ڤنسنت ڤان کوخ، شێوەکاری هۆڵەندی، بەشێوەی جووڵە نیشاندەدات و ماوەی حەوت ساڵ کاری بۆ کراوە.


بۆ ئەم فیلمە 130 تابلۆی ئەو شێوەکارە بەکارهاتوون و دەرهێنەر لەڕێگەیەوە چیرۆکی وێنەکان دەگێڕێتەوە. هەر گرتەیەکی فیلمەکە بریتییە لە 65 هەزار وێنەی کێشراو کە لەلایەن 125 شێوەکارەوە لەسەرتاسەری جیهاندا کێشراون.

ئەم فیلمە بیرۆکەی دۆرۆتا کۆپێلا، هونەرمەندەی پۆڵەندی بوو، لە کۆی 4000 هونەرمەندیش تەنیا 125 هونەرمەند بۆ ئەو پڕۆژە هونەرییە هەڵبژێردران.

نمایشی تایبەتی ئەم بەرهەمە سینەمایییە کە لە شێوەی وێنەی جوڵاوە، لە نیویۆرک و لۆس ئەنجلس لە ئەمریکا بەڕێوەچووە و بڕیارە لەم مانگەدا لە سینەماکانی ئەورووپاش نمایش بکرێ. تێچووی فیلمەکە 5.5 ملیۆن دۆلار بووە. لە فیلمەکەدا تیشک دەخرێتە سەر چەند هەفتەیەک لە کۆتایی ژیانی ڤان کوخ، واتە بەر لەوەی لە تەمەنی 37 ساڵیدا و لە ساڵی 1890 بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ. ڤنسنت ڤان کوخ، لە 30 مارسی 1853 لە هۆڵەندا لەدایکبووە، بە یەکێک لە شێوەکارە هەرە ناودارەکانی ئەورووپا و جیهان دەناسرێت و تابلۆکانی لە تابلۆ هەرە گرانبەهاکانن. تەنیا لە ماوەی پێنج ساڵی کۆتایی ژیانیدا، زیاتر لە هەشت هەزار تابلۆی کێشاوە.

## ئەو ژنەی ڕەوتی مێژووی گۆڕی

# هارییێت ستۆ.. ڕۆمان و شۆڕش



نووری بێخاڵی

### نووسین لەپێناوی گوزەران و ژیان

هارییێت بیچەر ستۆ، ئەو ژنە نووسەرە ئەمریکییەی بە نووسینەکانی لە دژی سیستەمی کۆیلایەتی، ناوبانگی دەرکرد، لە حوزەیرانی 1811 لە لیچفیلْدی ویلایەتی کۆنیتێکت لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایکبووە و مانگی ئەیلولی 1896 لە هارتفۆردی هەمان ویلایەت،ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

ستۆ کە حەوتەمین منداڵی خێزانەکەیەتی لە پشتی باوکێک کە قەشە و موژدەبەرێکی پرۆتستانت بوو، دوای مردنی دایکی، نەنکی دەیگریتە خۆی و سەرپەرشتی دەکات. لەکاتێکدا برایەکانی لە قوتابخانەی فەرمی دەیانخوێند و خاوەنی پلە و پێگەی سیاسی و ئایینی بوون، ئەو و خوشکەکانی لە ماڵەوە و بە شێوازی کلاسیک فێری خوێندن و خوێندەواری بوون.

ستۆ هەر لە منداڵییەوە فێری پیشەی دەستی وەک دروومان و چنین بووە، بواری خوێندنەوەی کتێبەکانی نزا و نوێژ و سروود و ئامۆژگاریی ئایینی پێدراوە، بۆ خۆیشی هەوڵی داوە دەستی بگاتە کتێبەکانی دیکە و زۆرترین کتێبی ئەدەبیاتی کلاسیکی خوێندووەتەوە، یەکێک لەو کتێبانە کە وەک خۆی باسی کردووە چێژێکی زۆری لێ وەرگرتووە، کتێبی (هەزار و یەک شەوە) بووە. هەر ئەم حەزی خوێندنەوەیە وای کردووە پەیوەندی بە چەندین نێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە بکات.

دوای ئەوەی خوشکەکانی شوویان کرد، چووە لای خوشکە گەورەکەی بەناوی (کاترین) کە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بوو لە هارتفۆرد و لای ئەو بووە مامۆستا. دواتر لە تەمەنی بیست و حەوتساڵیدا، واتە لە ساڵی 1837 لەگەڵ (کالْڤین ستۆ) پرۆفیسۆری لاهووت هاوسەرگیری کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆشێک منداڵی هەبوون و خەریکی کاروباری ماڵ و بەخێوکردنی منداڵەکانی بوو، بەڵام (ستۆ) بەردەوام بایەخی بە بواری نووسین و خوێندنەوە و فیکر دەدا، هاوکات لە پێناوی هاوکاریکردنی هاوسەرەکەی و سووککردنی باری ژیانیان، ناچار بوو لە بەرامبەر بڕێ پاداشتی ماددی، نووسینەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کات بڵاو بکاتەوە. ئەو دەمانە چەندین شیعر و پەخشانی نووسین و هەندێکی بڵاوکردنەوە.

### ئەزموونی نووسین

ئەو دەمەی لەگەڵ کاترینی خوشکی کاری مامۆستایەتی دەکرد، تازە دەستی دابووە نووسین، سەرەتای کارەکانیشی بە نووسینی پەخشان دەستپێکرد. یەکەم بەرهەمی چاپکراوی کتێبێکی جوگرافیا بوو بۆ منداڵان کە ساڵی 1833 بەناوی خوشکەکەی بڵاوکرایەوە. دوای ئەوە چەند کتێبێکی شیعری و ژیاننامە و کتێبی منداڵان و ژمارەیەک ڕۆمانی نووسی.

ستۆ لە ژیانی نووسینی خۆیدا، نزیکەی (30) کتێبی لە بوارە جیاوازەکاندا نووسیوە، لەناویاندا 10 ڕۆمان هەن، بەڵام ناودارترین بەرهەمی کە بەهۆیەوە ناوبانگێکی زۆری لەسەر ئاستی جیهان پەیدا کرد، ڕۆمانی (کوخەکەی مام تۆم – 1853) بوو، ئەو ڕۆمانەی تا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر 37 زمانی جیهان. ڕۆمانەکەی سەرەتا بە زنجیرە لە گۆڤاری هەفتانەی واشنتن (سەردەمی نیشتمانی) کە بایەخی زۆری بە پرسەکانی کۆیلایەتی دەدا، بڵاوکردەوە. ئەم زنجیرە نووسینە کە هێشتا لە چوارچێوەی یەک بەرگی ڕۆمانێکدا نەکەوتبووە بەردەستی خوێنەران، گفتوگۆیەکی زۆر جددیی بەدوای خۆیدا هێنا.

کارەکانی دیکەی ستۆ بریتین لە ڕۆمانەکانی (درێد – 1856) و (کەشتیی میفلاوەرۆ – 1843) و (مرواریی دوورگەی ئوڕ – 1862) و (خەڵکی شارە کۆنەکە – 1862) و (گەلی بۆگانۆک – 1878). ئەمە سەرەڕای دیوانێکی شیعریی ئایینی و ژمارەیەک لیکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و وتاری ڕۆژنامەنووسی.

### ڕیالیزم وەک چەکی بەرەنگاربوونەوە

هارییێت لە نووسینەکانیدا پشتی بە ئەزموونی خۆی دەبەست، بەوپێیەی ئاگایی و زانیارییەکی زۆری لەمەڕ بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان هەبوو، بەتایبەتی ئەوەی کە بە (هێڵی ئاسنینی نهێنی) ناسرابوو. ئەو بزووتنەوەیەی بە مەبەستی ئازادکردنیان، کۆیلەکانی لە باشووری ئەمریکاوە دەگواستەوە بۆ باکوور.

بایەخدان بە مەسەلەی کۆیلایەتی، ستۆی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد و کەمتر پەرژایە سەر کارەکانی دیکەی. ئەو لە خستنەڕووی هەستە ئایینی و ڕۆمانسییەکاندا لە نووسینەکانیدا کە ئەوکات جێی سەرنجی خەڵک بوون، زیادەڕۆیی دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا و بەڕای زۆرێک لە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبی، یەکێک بوو لە پێشەنگە کاریگەرەکانی ڕیالیزم، بە جۆرێک لە وەسفی وردەکاریی شوێنکاتی ڕووداوەکاندا داهێنەر بوو، وەک چۆن لە وێناکردنەوەی مەعریفە قووڵەکەی، لە زمانی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکانی و وێناکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و توانای لە گواستنەوەی ئەم ڕوئیایە بۆ ئەوانی دیکەی خوێنەر، داهێنەر و بە سەلیقە بوو.





تەنانەت هەندێ ڕەخنەگر و شارەزای مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، پێیانوایە (ستۆ) لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بە زمانی خەڵکی، لە پابەندبوونی بە ڕێبازی ڕیالیزم، وەپێش (مارک توین) و نووسەرەکانی دیکە کەوتووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر نووسین و شێوازی ئەدیبەکانی دوای خۆی هەبوو، لەوانە (ئۆرن جویت و ماری ویکلینز فریمان).

### ئەو خانمە بچووکەی فتیلەی شۆڕشی کۆیلەکانی گڕدا

سەربوردەیەکی سەیر لەبارەی یەکەم دیداری (هارییێت ستۆ و ئەبراهام لینکۆڵن– سەرۆکی ئەمریکا) دەگێردرێتەوە. تازە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسابوو، ئەو شەڕە خوێناوییەی نزیکەی چوار ساڵی خایاند (1861 – 1865). لینکۆڵن، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی نەهێشتنی ستەمی کۆیلایەتی دا و بەڵێنەکەیشی یەکێک بوو لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شەڕ. بە ماوەیەکی زۆر کەم دوای هاتنە سەر تەختی سەرۆکایەتی و گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵاتداریێتی، لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی 1862 لە کۆشکی سپی، پێشوازی لەو ژنە نووسەرە کرد.

> ستۆ هەر لە منداڵییەوە فێری پیشەی دەستی وەک دروومان و چنین بووە، بواری خوێندنەوەی کتێبەکانی نزا و نوێژ و سروود و ئامۆژگاریی ئایینی پێدراوە

گوایە لە کاتی تەوقەکردندا، (لینکۆڵن)ی سەرۆک بە (ستۆ)ی گوتبوو: کەواتە تۆیت ئەو خانمە بچکۆڵەیەی بوویتە هۆکاری ئەم شەڕە گەورەیە!

قسەکەی لینکۆڵن وەک ئاماژەیەک بوو بۆ ئەو کاریگەرییە بەرچاوەی کە ڕۆمانی (کۆخەکەی مام تۆم) لە ویژدانی خەڵکی ئەمریکا و هۆشیارکردنەوەی کۆیلەکاندا بینی و ئەو ڕۆڵەی کە ڕۆمانەکە لە هاندانی کۆیلەکاندا بۆ دژایەتیکردنی کۆیلایەتی و ڕەتکردنەوەی ئەو ستەمکارییە هەیبووە.

ئەگەرچی زۆر مێژوونووس و ڕەخنەگری ئەدەبی، گومانیان لە ڕاستی و دروستیی ئەو قسەیە هەیە کە (لینکۆڵن) بە ستۆی گوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر خودی ئەو مێژوونووس و ڕەخنەگرانە ئەوە ناشارنەوە کە ڕۆمانی (کوخەکەی مام تۆم)ی ستۆ، ڕۆڵێکی مەزنی لە زەمینەسازیی هەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆ و شۆڕشی کۆیلەکاندا گێڕا، تا ئەو ئاستەی کە سەرۆکی ئەمریکا بەم جۆرە پێی سەرسام بێت و ناوی خانمە بچووکەکەی لە مێشکدا مابێتەوە. ئەم ددانپێدانانەی مێژوونووس و ڕەخنەگرانیش بە کاریگەرییەکانی ڕۆمانەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆر بە وردی تیشک دەخاتە سەر نەهامەتییەکانی ژیانی کۆیلە ڕەشپێستەکان. نووسەر لەوێدا بە زمانێکی سادە و دوور لە ئاڵۆزی، بەڵام بە وێناکردنەوەی دیمەن و گرتە تراژیدیەکانی ژیانی ئەو مرۆڤانە، توانیویەتی تەلی ژێی سۆزیان بجوڵێنێ و هانیان بدات بۆ ڕاسان دژی ئەو ستەمەی لێیان دەکرێ، ستەمێک کە نموونە و هاوشێوەی لەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا دەگمەنە، ستەمی بەدیلگرتنی ملیۆنان مرۆڤ و بەزۆرەملێ ڕاگواستنیان و ناچارکردنیان بە بێگاری و کاری سەخت و تاقەتپڕووکێن لە کێڵگەکانی لۆکە و تووتن و کارە سەختەکانی دیکە لە ژێر لێدان و ئەشکەنجە و چەوساندنەوەدا.

هارییێت لە ڕۆمانەکەیدا (مام تۆم) دەکاتە سیمبولی ئەو چەوسانەوە و دڕندەییەوە و لە میانی ژیان و ئەزموونی ئەو کەسایەتییەدا دیوی ڕاستەقینەی ستەمکاریی کۆیلایەتیمان نیشان دەدات. ڕۆمانێک دواجار نەک هەر ئیرادەی کۆیلەکان خۆیان، بەڵکو ویژدانی تەواوی ئەمریکییەکان لە ئاستیدا دەجوڵێ.

دواجار لە 22ی ئەیلولی ساڵی 1862 دا لینکۆڵن بانگەوازە مێژووییەکەی خۆی ڕادەگەیەنێ و بەڵێنی خۆی لە پەیوەست بە ئازادکردنی کۆیلەکان دینێتە جێ و لە ئاستانەی ڕاگەیاندنەکەشدا، خەڵک بە لێشاو دەڕژێنە بەردەم ماڵی (هارییێت) و پێکەوە و بە دەنگی بەرز، وەک ڕێزگرتن لە تێکۆشانی ئەم ژنە و پێداگیری لەسەر کۆتاییهێنان بە سیستەمی کۆیلایەتی، هاوار دەکەن "خودا بتپارێزێ، خودا بتپارێزێ". ئەم سوپاسگوزاری و نزای چاکەیەی خەڵک بۆ ئەم نووسەرە، لەکاتێکدا بوو کە (ستۆ) پێیوابوو ئەو تەنیا ئامرازێک بووە، خودا بۆ نووسینی ئەم کتێبە و بەدەنگەوەچوونی هاواری کۆیلەکان هاوکار و کارئاسانی بووە.



### کوخەکەی مام تۆم، نەعرەتەی شۆڕش

یەکەم چاپی ڕۆمانەکە بەبێ هیچ ئامادەکاری و ریکلامێکی پێشوەختە، لە ساڵی (1852)، واتە 10 ساڵ بەر لە دەستپێکردنی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا بڵاوبووەوە.

وەک خاوەنەکانی دامەزراوەی چاپ و وەشانی (دی جۆن جۆیت) لە بۆستن باسی دەکەن، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانە و ئەو پێشوازییەی لەلایەن خوێنەرانەوە لێی کرا، چاوەڕوانکراو نەبوو، بە جۆرێک لە کەمترین ماوەی بڵاوبوونەوەیدا، شەش هەزار دانە لە چاپی یەکەمی فرۆشرا. لە بەرامبەردا و وەک مافی نووسەر، لە چوار مانگی یەکەمدا و لە پشکی فرۆشی کتێبەکەی، ستۆ بڕی 10 هەزار و 300 دۆلاری دەستکەوت.

> تەنانەت هەندێ ڕەخنەگر و شارەزای مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، پێیانوایە (ستۆ) لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بە زمانی خەڵکی، لە پابەندبوونی بە ڕێبازی ڕیالیزم، وەپێش (مارک توین) و نووسەرەکانی دیکە کەوتووە

بە گوێرەی سەرچاوەکان و داتاکانی فرۆشی کتێب لەو سەردەمەدا، لە دوای (ئینجیل)، ڕۆمانەکە یەکێک بوو لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی ئەوکاتی ئەمریکا، تەنیا لە ئەمریکا و لە ساڵی یەکەمی چاپکردنیدا (300) هەزار دانەی لێ فرۆشرا. لە بەرامبەردا و تەنیا لە یەک ساڵدا، لە بەریتانیا نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار دانەی لێ فرۆشرا.

پێشوازیکردنی بەریتانییەکان لە ڕۆمانەکەی (ستۆ) بە شێوەیەک بوو، کاتێک ساڵی 1853 بە مەبەستی زامنکردنی مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی لەلایەن دەزگاکانی چاپ و پەخش، سەردانی بەریتانیای کرد، لەناو شەپۆلی خوێنەراندا پێشوازی لێکرا، تا ئەو ئاستەی شاژن ڤیکتۆریا (شاژنی ئەوکاتی بەریتانیا) سووربوو لەسەر دیداری ئەم ژنە نووسەرە لە چەقی شەقامێکی لەندەندا. ئیتر بەهۆی ناوبانگی ئەم کتێبە کە تا ئەمرۆ بە ملیۆنان دانەی لێ چاپکراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر دەیان زمانی دونیا و کراوەتە فیلم، ڕێکخراوە لۆکاڵی و جیهانییەکانی دژی کۆیلایەتی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ، بایەخێکی زۆریان بە نووسەر دا و ناوی بووە سەردێڕی ڕۆژنامە گەورە و بەناوبانگەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، هاوکات ئامادە و بەشدارێکی کارای سەر سەکۆ و مینبەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی ڕەگەزپەرستی بوو.

### کوخێک دەبێتە قەڵای بەرخۆدان

بەرەنگاربوونەوە و دژایەتیکردنی کۆیلایەتی و کڕین و فرۆشتنی مرۆڤ، تەوەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، ڕۆمانێک کە هاوکار بوو لە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا وەکو لویل کۆفمان نووسەر و ڕەخنەگر باسی دەکات. کەسایەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە مام تۆمە کە ساڵانێکی زۆری بە کۆیلایەتی بەسەر بردووە، چیرۆکەکە لە میانی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەوەوە، باس لە ستەمی کۆیلایەتی و مەینەتییەکانی، هەروەها ورە و ئیرادە و ئازایەتیی کۆیلەکان دەکات، لەوەی کە دواجار توانیان بە خۆڕاگری و قوربانیدانی خۆیان سەربەستی بەدیبهێنن.

دوای چل ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکە، (کێرک مۆنرۆ) ڕەخنەگری ئەدەبی لە میانی هەڵسەنگاندن و لەبارەی بەها و بایەخی مێژوویی ڕۆمانەکەوە گوتی: "نەهێشتن و دواییهێنان بە کۆیلایەتی کاری کەسێک نەبووە و نابێ، بەڵکو بەرهەمی هەوڵ و کۆششێکی زۆرە، وەلێ یەکێک لە گەورەترین فاکتەرەکان کە ڕۆڵی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا بینی، ڕۆمانی کوخەکەی مام تۆم بوو".

**تەوەری (چیرۆک)**

ژانری چیرۆک پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە هونەری گێڕانەوەوە هەیە، بۆیە لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبدا هەیە. ئاخر ژیان خۆی چیرۆکێکی درێژە، یان ئەگەر لە ڕوانگە ئایینیەکانەوە لە ژانری چیرۆک بڕوانین، ئەوە ژیان چیرۆکی سەفەرێکە. ژیانی هەر یەکێکیشمان بۆ خۆی چیرۆکێکە، کەواتە چیرۆک لە زۆربەی ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا هەیە و هەندێکیان تەنانەت بەبێ ڕەگەزی چیرۆک ناتوانن هەبن. بۆ نموونە کام شانۆنامە هەیە ڕەگەزی چیرۆکی تێدا نەبێت؟ ئایا دەشێت بیرەوەری بنووسینەوە و ڕەگەزی گێڕانەوەی چیرۆکمان نەبێت؟ کام ڕۆمان هەیە چیرۆکی تێدا نەبێت؟ زۆر جاران شیعرێکی کورتیش چیرۆکێکی درێژی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کەواتە دەپرسین: چیرۆک چییە؟ بۆچی ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە چیرۆکە؟ ئایا هەموومان بوخچەیەک یان کۆگایەک نین لە چیرۆک؟ بوونی ئەو هەموو چیرۆکە لە ژیانماندا پێویستی بە چییە بۆ گێڕانەوە؟ ئایا هونەری گێڕانەوە چییە؟

**سازدانی: غەمگین بۆڵی**

## چیرۆکنووس ڕزگار ئەمین نژاد:

# چیرۆکنووسی کورد هێشتا هەر گرفتاری کۆنترۆڵی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە



**ڕووداو: چی یارمەتی چیرۆکنووس دەدات بۆئەوەی چیرۆکێکی باش بنووسێ؟ مەرجی چیرۆکێکی باش بەلای تۆوە چییە؟**

**ڕزگار ئەمین نژاد:** پەیامی هەمیشەیی چیرۆک لە ڕاستیدا ئەوەیە کە پێمان بڵێ ئێمە لە جێگای خۆمان نین، واتە ئەو شوێنەی کە شیاوی مرۆڤە. کەوایە یەکێ لە مەرجەکانی چیرۆکنووسین مامەڵەکردنە لەگەڵ جیهانی دەرەوەی خۆی. کاری چیرۆکنووس لەڕاستیدا دۆزینەوەی لابڕ یاخود ڕێچکەیەکی گونجاوە بۆ تەبایی نانەوە لەنێوان ئەم بوون و نەبوونە. مەرجی چیرۆکێکی باش بەلای منەوە دۆزینەوەی وەها سێنتێزێکە کە بێگومان بە زمانی هونەری خۆی دەردەخات.

**ڕووداو: ئەوە زمانە یان تەکنیک کە شێوازی چیرۆک دیاری دەکات؟ ئایا لەڕێی زمانەوە بەر ئەزموونێکی نوێی تەکنیک دەکەوین؟**

**ڕزگار ئەمین نژاد:** هەڵبەت زمان لە چیرۆکدا شتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەشێکە لە تەکنیک. لە سۆنگەی شێوازی چیرۆکەوە وا باشە باس لە ستروکتور بکەین، چونکە ستروکتور چوارچێوەیەکی بەرفراوانترە کە زمان، تەکنیک، شێوازی چیرۆک و تەنانەت چیرۆکنووسییش لەخۆدەگرێ و هەروەها دوورنمای بەرهەمی هونەریش دیاری دەکات. کەوایە کاتێ باس لە شێواز دەکەین، پێویستە ڕەچاوی دیالێکتیکی "کولتوور/ ستروکتور" بکەین.

چیرۆکیش وەک گشت دیاردە مرۆییەکان بەرهەمی مامەڵەی کۆمەڵایەتییە و زۆر سروشتییە ئەویش گرفتاری چوارچێوە و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بێ و زۆرجار چیرۆکنووس تووشی قەیرانی نیگای هونەری بکا. زۆرجار هەست دەکەین شێوازی چیرۆک تووشی نسکۆ یاخود دابڕانێکی هونەری بووە و لە خۆمان دەپرسین: گرفتەکە چییە؟ لە ڕاستیدا گرفتی ستروکتورە. ستروکتور یەکێکە لەو پرسیارە کۆنانە کە لە سەرەتای هاتنەئارای زانستی کۆمەڵایەتییەوە گرنگی پێدراوە و تەنانەت لە دونیای هونەریشدا قورسایی خۆی هەیە. کۆمەڵناسەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە مامەڵەیان لەگەڵ ستروکتور کردووە، بۆ نموونە مارکس بڕوای بە شکاندنی ستروکتور و داهێنانی ستروکتورێکی مۆدێرن بوو، بەڵام کۆمەڵناسەکانی دوای مارکس پێیان وابوو ئەمە خولانەوەیە بە دەوری بازنەدا، چونکە بەم چەشنە ناگەینە کۆتایی ستروکتور. ئانتۆنی گیدێنز پێیوایە ستروکتور شتێکە کە مانا بە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە دەدا، وەک زمان کە لە کاتی نووسین و دەربڕیندا بە شێوەیەکی سینتاگماتیک دەردەکەوێ و ئەکتەرەکان لەو چوارچێوەیەدا گەمەی کۆمەڵایەتی دەکەن، لەوەها دۆخێکدا مرۆڤ لە ڕێگای کولتوورەوە چاکسازی لە ستروکتوردا دەکا. لە ڕوانگەی "دەسەڵات - تەوەری" مارکس و نیگای "کولتوور - تەوەری" گیدێنز دا هۆکارێکی سەرەکی لەبەرچاو نەگیراوە کە دواتر مارگارێت ئارچێر ئاماژەی پێدەدا، واتە هۆکاری مرۆیی. تاکەکان لە ڕێگای "پێوەندیی بەهەڵکەوت" ڕۆڵێکی چاکسازیانەیان لە ستروکتوردا بۆ دەڕەخسێ. ئارچێر لەم پێوەندییەدا باس لە کاریگەریی "گفتوگۆی دەروونی" دەکا، هەڵبەت گفتوگۆی دەروونی جیاوازیی هەیە لەگەڵ مۆنۆلۆگدا، چونکە گفتوکۆی دەروونی لەسەر بنەمای کۆگنێتیڤ دامەزراوە و مرۆڤ دەتوانێ لەم ڕێگایەوە زەمینەی کۆمەڵایەتی و بنەمای کولتووریی خۆی بەباشی بناسێ و دواجار بڕیار لەسەر مانەوە یاخود چاکسازی لە ستروکتور بدات.

زمان و تەکنیک لە چیرۆکدا وەک دیالێکتیکی ستروکتور/ کولتوور وایە، ئەو شتەی کە دەبێ شێوازێکی نوێ دیاری بکا لە ڕاستیدا گفتوگۆی دەروونیی چیرۆکنووسە. چیرۆکنووس پێویستە چاوێکی وردبین و گوێیەکی هەستیاری هەبێ تاوەکوو دیاردەکان و وردەکارییەکانی جیهانی دەرەوە ببینێ و ببیستێ، دواتر لە هەناوی خۆیدا گفتوگۆیان لەسەر بکا و دواجار ئەم تەعامولە کۆگنێتیڤییە، خۆی لە خۆیدا شێوازی چیرۆکیش دیاری دەکا.

> پەیامی هەمیشەیی چیرۆک ئەوەیە کە پێمان بڵێ ئێمە لە جێی خۆمان نین، واتە ئەو شوێنەی کە شیاوی مرۆڤە

**ڕووداو: هەندێک چیرۆکنووس ڕستەی پڕ لە تەمومژ دەخەنە ناو چیرۆکەکانیانەوە کە زۆرجار هونەری گێڕانەوەی چیرۆک ئاڵۆز دەکات، تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟**

**ڕزگار ئەمین نژاد:** ئاڵۆزی لە زماندا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئاڵۆزیی هزر و دەروونی نووسەرەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم ئاڵۆزییە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسی لێکرا، واتە نەبوونی گفتوگۆی دەروونی. بەڵام میکانیزمی شەرم و وەهمی مێتافیزیک دەتوانن دوو هۆکاری دیکە بن کە من هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاماژەیان پێبدەم.

کاتێ باس لە شەرم دەکەین، بێگومان باس لە ڕەوەندێکی سایکۆلۆژیانە دەکەین کە فرۆید لە تیۆری "ئێگۆ" و "سوپەر ئێگۆ"دا باسی کردووە. شەرم لە ڕوانگەی فرۆیدەوە ئەو قۆناغەیە کە تاک لە نێوان (من- ئیگۆ) و (بان من- سوپەر ئێگۆ) دا ڕادەوەستێ. مەبەست لە "بان من" ئیلتیزامە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە سەرەتای منداڵییەوە لە هەناوی ئێمەدا ڕەگ دادەکوتێ، کاتێ لێکچوونەکان بە پێچەوانەی پێوەرەکانی "بان من" بن، ئەوا دیاردەی شەرم سەرهەڵدەدا. نۆربێرت ئێلیاس، کۆمەڵناسی ئاڵمانی کاتێ باس لە ڕەوەندی چێبوونی کەسایەتی لە کۆمەڵگای نەریتیدا دەکا، ئاماژە بە میکانیزمی شەرم دەدا و دەڵێ کۆنترۆڵی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەهێزکردنی شەرم لەڕاستیدا سوپەر ئێگۆی کۆمەڵگای نەریتییە. مەبەست لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بنەماڵە، گەڕەک، شار، مزگەوت، قوتابخانە و تەنانەت دەسەڵاتی سیاسیشە. (من) لە کۆمەڵگای نەریتیدا دەبێ هەمیشە ئاگاداری ئەوە بێ لە سنووری ئەو شەرمانە لانەدا کە (بان من) بۆی دیاری کردووە، چونکە دەرکەوتنی ڕەهەندە ناشرین و دژەباوەکان، (من) وێران دەکات و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر شەرافەتی خەڵکانی دیکەش. بەم چەشنە یەکێک لە هۆکارەکانی ئاڵۆزیی زمان لە چیرۆکدا ڕەنگە لە میکانیزمی شەرمدا خۆی ببینێتەوە، واتە نووسەر لە ترسی شکاندنی شەرم پەنا بۆ شکاندنی چەمک دەبا.

> نووسەری کورد فێر نەبووە کە کاتێ چیرۆک کەوتە دەست خوێنەر، ئیدی ئەو چیرۆکە هی چیرۆکنووس نەماوە

دونیای مۆدێرن توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر دوالیزمی ڕیالیتی و فانتازی پێکەوە ئاشت بکاتەوە و لە ئەنجامدا ڕیالیزمی ئەدەبی تێکەڵ بە تێگەیشتنێکی ئیگزیستانسیالیستی بکات. لای ئێمە هێشتا چیرۆکنووسمان هەیە کە چاو و گوێی بەسەر جیهانی دەوروبەریدا داخستووە و چاوی لە تاریکستانەکانی ئاسمان بڕیوە و بە تێڕوانینێکی میتافیزیکییەوە لەو بۆشستانەدا، لە دوای خۆی دەگەڕێ. لە وەها دۆخێکدا زۆر سرووشتییە کە ڕستە و گوتەی چیرۆکەکانیان تەمومژاوی بن.

**ڕووداو: ئەدەبی پۆستمۆدێرن کاریگەری لەسەر چیرۆکی کوردی داناوە؟ چیرۆکی کوردی چۆن خۆی ئاوێتەی ئەدەبی پۆستمۆدێرن کردووە؟**

**ڕزگار ئەمین نژاد:** با سەرەتا پرسیار لە خۆمان بکەین کە هونەری پۆستمۆدێرن بۆچی سەریهەڵدا؟ هومێد پەیامێکی گرنگی مۆدێرنیزم بوو، بەڵام ئەم هومێدە جەهەندەمێکی ترسناکی بۆ مرۆڤ دروستکرد. زیگمۆند باومان دەڵێ: پەیامی مۆدێرنیتە ئەوە بوو جیهان لەو شتە ناپاکانە خاوێن بکاتەوە کە کۆسپ دەخەنە بەردەم "شارستانیەت" و "پێشکەوتن". هەڵبەت شارستانیەت و پێشکەوتن وەها تیۆریزە کرابوو کە وەک ئایدیۆلۆژیای سەدەی بیستەم پێناسە دەکرا. پرسی سڕینەوەی ئامانجی نوخبەکانی سەدەی بیستەم بوو بۆ کۆتاییهێنان بە دژەکولتوور. ئەم ڕەوتە خزمەتێکی گەورەی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی ئۆتۆریتەی نوخبە کرد. پۆستمۆدێرنیزم بۆیە سەریهەڵدا تاوەکو کۆتایی بە کولتووری ئۆتۆریتاری نوخبە بێنێ و هونەر دیمۆکراتیزە بکات، واتە کۆتایی بە ئایدیای دژەکولتوور هێنا و پارسەنگی نێوان کولتووری نوخبە و کولتووری گەلی پاراست. ئەمە وایکرد کە ئەدەب چیدی لە دیوەخانی نوخبە و کولتووری باندەستدا نەژی، بەڵکە بەرەو شەقام و کۆڵانەکان داگەڕێ و لە خزمەتی ئەو هاودژییەدا بێ کە چینی باندەست خەریکبوو دەیسڕییەوە. یەکەم شت کە هونەری پۆستمۆدێرن کردی ئەوە بوو کە لە جەغزی میکانیزمی شەرمدا نەما. دووەم شت ئەوە بوو کە دیاردەگەلی نێو شەقامی گشتی کرد بە سووژە، واتە ئەو واقیعە سادانە کە نوخبەکان وەک دیاردەی دژەکولتوور سەیریان دەکرد. سێیەم شت ئەوە بوو کە لە ڕێگای سادەکردنەوەی زمانەوە پاوانی زمانی نوخبەیان شکاند.

لەباری فێمۆنۆلۆژییەوە چیرۆکی کوردی مەودایەکی زۆری هەیە لەگەڵ پۆستمۆدێرندا، چونکە کۆمەڵگای ئەدەبی کوردی زەمینەی وەها هاودژییەکی کولتووری بۆ فەراهەم نەبووە کە لە وڵاتانی مۆدێرندا ڕوویدا. بۆ نموونە چیرۆکی کوردی زۆر بە کەمی هەوڵیداوە خۆی لە میکانیزمی شەرم لادا و موعاناتێکی ئێگزیستانسیالیستی بۆ شەرم بەرهەم بێنێ. چیرۆکنووسی کورد هێشتا هەر گرفتاری کۆنترۆڵی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە و هەوڵی نەداوە بەستێنێک بۆ هاودژیی کولتووری فەراهەم بکا. بەڵام لەباری فۆرمەوە ئێمە نیشانەکانی پۆستمۆدێرن لە بەشێک لە چیرۆکەکاندا دەبینین و ئەمەش زۆر ئاساییە، چونکە فۆرمی چیرۆک وەک تێکنۆلۆژیا وایە و سەردەم بەسەرماندا دەسەپێنێ.

**ڕووداو: ڕەخنەی کوردی توانیویەتی پێ بەپێی چیرۆک هەنگاو بنێت؟**

**ڕزگار ئەمین نژاد:** جێگای بەتاڵی ناوەندێکی ئاکادیمی بۆ ڕەخنە و نرخاندن لای ئێمە زۆر دیارە. ئەمە قسەی من نییە، بەڵکو بۆچوونی زۆربەی هونەرمەندان و ئەدیبانی کوردە. ئێمە وەک دیاردەیەکی کەسی مامەڵە لەگەڵ ڕەخنەدا دەکەین. یەکێ لە تەنزە سەیروسەمەرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەیە کاتێ ڕەخنەگر چیرۆک یاخود ڕۆمانێک دەنرخێنێ، چیرۆکنووس وەڵامی دەداتەوە و تەنانەت لە هێندێ حاڵەتدا هەڵوێستی گرژی لێدەکەوێتەوە. نووسەری کورد فێر نەبووە کە کاتێ چیرۆک کەوتە دەست خوێنەر، ئیدی ئەو چیرۆکە هی چیرۆکنووس نەماوە بەڵکو هی خوێنەرە و خوێنەریش مافی خۆیەتی چۆن ئەو چیرۆکە هەڵسەنگێنێ. ئەم چەشنە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕەخنەگر پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە ڕوانگەی ئێلیاس لەمەڕ میکانیزمی شەرم. نووسەری چیرۆک وەک بەشێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵ دەدا هۆکارێک بێ لە میکانیزمی شەرمدا و لە ڕێگای کۆنترۆڵی شەرمەوە دۆخەکە بەرەو ئەو ئاقارە ببات کە بەلای شەرافەتی ئەودا نەشکێتەوە.

# میرغەزەب





رەسووڵ سوڵتانی

کێچ کەوتە کەوڵی. دوو سەعات پتر بوو فەیسبووکەکەی نەکردبووەوە. لە ژوورەکەی نهۆمی سەرەوە لە پشت لاپتۆپەکەی دادەنیشت و ئاگای لە دنیا نەدەما. دڵەخورپەی بوو بلێی پەیامی تازە، چیی بۆ هاتبێ. نیوەڕۆ لە کاتێکی زۆر ناسکدا ئینتەرنێتەکەیان بڕا. نەیتوانیبوو مالاوایی بکا. لەسەر دلی ببوو بە گرێ. دوو جار پاسوۆردەکەی لێدا، لێی تێکدەچوو. دەتگوت پیت و ژمارەکان ناناسێتەوە. کوڕە ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟ خۆ تۆ وا نەبووی، دەڵێی هەرزەکاری ماڵت نەشێوێ یاخوا. ئەرێ لەبیرت ماوە دوا قسەتان چ بوو؟ ئا ئا... باسی مێردەکەی دەکرد. دەیگوت: ئێواران کە دێتەوە نێوچاوانی گووی لێ دەبارێ. پێیوایە خەتای منە خەڵک شتی لێ ناکڕن. جارێ هەر دوژمنی ئەو کتێب و دەفتەرانەی منە. دەڵێ تۆ شیعر بۆ کێ دەنووسی؟ پێم ناڵێی ئەوەی لە شێعرەکەتدا دەیدوێنی کێیە؟

بەربینگی پێ گرتووم دەڵێ: پێش من یەکێکت خۆشویستووە، دەبێ پێم بلێی کێیە، بە خوا نە دڵپیسیت لێ دەکەم و نە بەچاویشتیدا دەدەمەوە.... ڕاست ناکا ها، لە چاویدا هەموو شتێک دەخوێنمەوە. پێش ئەوەی مێردی پێ بکەم وا نەبوو. چاوی وا لە چاوم دەبڕی دەتگوت دەیەوێ بەوێدا بچێتە ناخمەوە. دەشچوو. وەڵاهی بەندی جەرگ و دلمی دەلەرزاند. زۆر سەیرە، ئەو نیگایانە کوژانەوە. بڕوات بێ ترووسکاییان تێدا نەماوە. زۆر لە تۆش دەترسم شێتە. ئاخر جاری وایە بیر دەکەمەوە و پێموایە هەمووتان وان. تا ئەودەمەی قەلاکە داگیر دەکەن لە مێو نەرمترن... دوایی دەبنە میرغەزەب. ئەو میرغەزەبەش لە خۆت فێر بووم. لە یەکەم ڕۆمانتدا بەکارتهێناوە. لە ستاتووسێکی فەیسبووکدا نووسیبووم: "میرغەزەبەکانی ولاتی من...." یەک دوو کەس کە دیارە ڕۆمانەکانی تۆیان باش خوێندووەتەوە، دەسبەجێ بە کۆمێنت نووسیبوویان، وا دیارە ڕۆمانەکانی فلانەکەست خوێندووەتەوە دەنا دەمێکە ئەو وشەیە لە نووسینی کەسدا نەهاتووە. ئەو زیندووی کردووەتەوە.

منیش نووسیم ئەو وشەیە نەمردبوو، ئاخر چۆن دەمرێ وەختێک میرغەزەبەکان خۆیان زیندوون. ماڵ نییە میرغەزەبێکی تێدا نەبێ... پیاوەکەم ئەوەی خوێندبووەوە. دەنگی نەکرد، شەوێکیان کە زانیم شەڕی بازاڕی هێناوەتەوە ماڵەوە و دەمێکیشە لە هەنجەتە شەڕێکم پێ بفرۆشێ، گوتم: بۆ دەڵێی میرغەزەبی غەزریوی؟

گوێت لێمە؟ لەو دەمەوە بۆ تۆی دەنووسم. دەمەوێ بۆت بگێڕمەوە بزانی چیی کرد:

ئێ، کە وام گوت، چاوی چووە تەوقی سەری. گوتی بابت میرغەزەبە... ئەوە وا دیارە لە فەیسبووکیش کە نووسیبووت هەر ماڵە و میرغەزەبێکی تێدایە لەگەڵ منت بوو. کچی گەواد، من میرغەزەبم؟ چیم بۆ نەکردووی؟ ڕۆژ هەتا ئێوارێ وەک سەی مەڕی ڕاکەڕاکمە، تۆش لە پشت لاپتۆپ دانیشتووی و لەگەڵ هەرچی و پەرچی و لاتولووتان شەڕەکۆمێنتم بۆ دەکەی و سەرباری هەموو ئەوانەش پێم دەڵێی میرغەزەب؟

نا نا لێی نەدام. چۆن دەتوانێ؟ هەڵبەت خوا هەڵناگرێ دەست ناوەشێنێ. جنێو دەدا، چونکە تا بلێی زمانپیسە. بەڵام دەستم لێ هەڵناهێنێتەوە. کوڕە خۆزگە دەستیشی هەڵێناباوە، بەڵام تۆزێک ئاگای لە دەروونم بووایە. زۆر کەرە نازانێ... ئەرێ پێت ناخۆش نەبێ وەڵاهی جاری وایە دەڵێم پیاو هەموو کەرن. هەمووتان بە گون بیر دەکەنەوە.

هههە

نا، نا، مەبەستم ئەوە نییە. ئاخر دەزانی چی، من هیچم لەو ناوێ، بەس هەر نەبێ شەوێ جارێک لە باوەشم بگرێ. وەعد بێ قەت دڵی نەشکێنم. باوەشی هەر لەبیر خۆی بردووەتەوە. کە دێتە سەر جێگاش دەسبەجێ وەک مردووی لێدێ.

هههە بێ تەربیەتی مەکە. گوێ بدەیە، خەریکە دەتەقم. دەمێکە لە یەکێک دەگەڕێم پرێسکەی دڵمی بۆ بکەمەوە. کچێ بنیادەم... ببوورە زارم بەو کچێیە ڕاهاتووە، تۆخوا ببوورە... دەڵێم بنیادەم بەدەست خۆی نییە، دەبێ یەکێکی هەبێ کوڵی دڵی بۆ هەڵڕێژێ، دەی نەیەمە فەیسبووک و دەردەدڵ لەگەڵ دوو هاوڕێی وەک تۆ نەکەم چ بکەم؟ ها؟

لە وێنەی خۆم گەڕێ. وێنە و شتم نەبینی باشترە. بۆ گیرت داوە بە وێنە. نا تۆخوا. ئەگەر توانیم حەز دەکەم لە نزیکەوە بتبینم.. نا وێنە نانێرم.

باسی ئەوەم دەکرد: تۆخوا من ناڵێم تۆ بلێ، ئەو چاوەڕوانییە زۆرە؟ هەزار جارم پێگوتووە، حەز دەکەم یەک جار، تاقە یەک جاری دیکە لە باوەشم بکەیەوە، وەک ئەودەمی کە حەزمان لە یەکتر دەکرد و نەماندەتوانی بە ئاسانی یەکتر ببینین، لەبیرتە کە یەکترمان دەدی، چۆن ئاوقای یەکتر دەبووین و وەک ماری ئاشقەوماشقە تێکدەئاڵاین؟

خێسەیەکم لێ دەکا و دەڵێ: ژن ئەوەندە کەرن هەر لە ڕابردوودا دەژین. گەوجە ئەودەم ئەودەم بوو. ئێستا ئەوە کچ و کوڕێکمان هەیە، ئیدی بەسە. دانیشە خزمەتی ئەو دوو منداڵانە بکە.

ئا ئا، هەموو جارێ کە لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەو قسە قۆڕانەم لە مستی دەنێ. دەنا بیستوومە چۆن خۆی بۆ ژنە مشتەرییەکانی ناسک دەکاتەوە. وەک ئەودەمی بۆ من چۆن بوو وەکی بیستوومە ئاوایە.. بیستوومە، من تاقەتم نییە بچمە دووکانەکەی.

پێیوایە من دەڵێم بمبە دیسکۆ و دانسم لەگەڵ بکە.

ئەو ڕۆژە...

*

لێرەوە بوو کە ئینتەرنێتەکە پسا. دەتگوت پردی قیامەتی لێ پساوە. هەستا دوو سێ جنێوی تەڕوبڕی حەواڵەی کۆمپانیای ئینتەرنێت و وەزارەتی کارەبا کرد... چایەکەی وەک دەمی مردووانی لێهاتبوو. هەرای کرد، وەرە ئەو چایە لابەرە. قەت چایەکت نەدامێ بلێم ئۆخەی...

ژنەکەی لەبن لێوانەوە: جا بۆ تۆ نان و چات لەبیر ماوە؟



# باخیرەی خەیاڵ

دانیاڵ ژاکاو

شەڕی من لە بیۆگرافیای
هیچ ئەهریمەنێکدا نانووسرێتەوە
میهرەبانیم لە کۆگاکانی یەزداندا نافرۆشرێت
خەونی من، نەخشەی من
لە گوێسەبانی ئەم کوختە بێ وەفایانەدا نهێنی نابێت
بوغراییم لە حیکمەتی ڕەقی
ئەم دەقە خۆڵەمێشیانەدا ناکوژرێت
من کە وەنەوز بە بۆنی ئەفیوناوی تۆ دەمباتەوە
کێ سیحری غرورمی پێ دەشکێت؟
ئەی حەکیمی چیرۆکە غەمگینەکانی من
خەونگەلێکی سەیرم نییە
من لە ڕەگەزی ئەو شۆڕشگێرانە نیم
لەو پیاوە مێژووییانە نیم
کە شیعارە ناسیۆنالیستییەکان لە نێوچەوان و
مەچەکیان دا دەکوتن و
سروودە نیشتیمانییەکان دەڵێنەوە
نا، من بەهێڵە سنوورییەکان مەحەبەت
ناخنکێنم
جوگرافیایەکم نییە بۆ لەگەڵ تۆبوون
وەک شەڕەنگێزێکی سادی
دەمەوێت
هەموو کەون بۆ من و تۆ
بێت
سپێدان خۆر تەنها بۆ من و تۆ هەڵبێت
مانگ بۆ من و تۆ کەمەری خوار بکاتەوە
دەمەوێت دەریا تەنها باوەشی بۆ ئێمە بێت
بەختیاری وا بکات ئیرەیی بە یەکتر ببەین
کوکوختی عاشق بین، ئادەم و حەوایەک
زەمین فیردەوسمان بێت
بەڵام پەنهان لە فریوی ئیبلیس
لەسەر تاتی پەنا کانیەکان
ئیمامەتی نوێژت بۆ بکەم
لە ڕۆخی ئەتڵەسە جاویدانیەکانەوە
عەشق هەنجن هەنجن بکەین
وەک چۆن لافاو سەرجەستەی
شەقام دەکەوێت، لە کوخێکی گوڵیندا
شێتانە سەر جەستەت بکەوم
ئەی شاژنی ئەم کۆشکە زەمهەریریەم
من کارم بە فەرمایشتی ئەو بەخیلانەوە نییە
چی لەبارەی ئەم باخیرەی خەیاڵەوە دەڵێن
بێباکم لە ئابڵوقەی یاساکانی ئەم عەدەمە
تەڵای من لە کوورەی هیچ نەفرەتیەکدا ناتوێتەوە
ئێسکی من، قەفەزی من، تەونی من
بە نەفەسی هیچ حوزنێک، هیچ ساحیرێک
هەپروون نابێت، نابێت نااا.....